Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی راپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# جێندەر لە پرۆگرامی خوێندنی کوردیدا (کتێبی قۆناغی سێیەمی بنەڕەتی وەک نمونە)

**ئاگرین شەوکەت هادی[1] - ئازاد ئەحمەد محمود[2] - نەریمان عەبدوڵا کەریم[3]**

[1+2+3]بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[1]بەشی کارگێری یاسا، پەیمانگەی تەکنیکی کارگێری هەولێر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

[2]بەشی کارگێری کار، کۆلێژی تەکنیکی کارگێری هەولێر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

کێشەکانی پەیوەست بە جێندەر و هەمەچەشنی جێندەر هەمیشە لە قوتابخانەکاندا هەبوە. زۆرێک لە بوارەکانی ژیانی قوتابخانە لەدەوری ڕۆڵی جێندەری تەقلیدیدا دروست دەکرێن.

قوتابخانەکان ڕۆڵێکی سەرەکی لە فێرکردن و بەهێزکردنی بەها زاڵەکانی کولتور دەبینن، بەتایبەتی لە بواری جێندەردا، ڕاستە قوتابییان لە ڕۆژی یەکەمەوە دەچنە قوتابخانە، یان باخچەی منداڵان، بە ڕەگەزی خۆیان دەناسرێنەوە، بە کوڕ و کچ ناودەبرێن، ڕەگەزەکەیان بە بەردەوامی لە ڕێگەی چیرۆک و شانۆگەری ئازاد و کارلێککردن لەگەڵ مامۆستا و هاوتەمەنەکانیان پراکتیزە دەکرێت، قوتابخانەکان شوێنێکن بۆ گەڕان بەدوای پەیوەندی تایبەت لەگەڵ "باشترین هاوڕێ" لە قوتابخانەی سەرەتایی و "هاوڕێ کوڕەکان" یان "کچەکان" دەربارەی خێزانەکان و پەیوەندییەکان فێردەبن، ئەو شتانەی کۆمەڵگە چاوەڕوانیان لێدەکات، زۆر لەو شتانەی لە قوتابخانە ڕوودەدات، پەیوەندی بەلایەنی جێندەرەوە هەیە، بەم هۆیەشەوە گرنگە پەروەردەکاران تێگەیشتنێکی بەهێزیان لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ جێندەردا هەبێت.

ئەم توێژینەوەیە ڕێگایەکە بۆ هۆشیارکردنەوە و خستنەڕوی کێشەکانی جێندەر لە بابەتەکانی پرۆگرامی خوێندندا، توێژینەوەکان (لە باشوری کوردستاندا) بۆ هۆشیارکردنەوەی یەکسانی جێندەری لە کتێبەکانی خوێندندا لە ئاستی پێویستدا نین. لەم توێژینەوەیەدا دەقەکانی (کتێبی خوێندنی کوردی قۆناغی سێیەمی بنەڕەتی)، لەسەر بنەمای شیکردنەوەی دەق و وێنەکان دانراون، ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن، پرۆگرامی خوێندنی کوردی نایەکسانی جێندەری لەخۆدەگرێت، بەواتایەکیتر وێنا و ڕۆڵ و ئەرکی هەردو ڕەگەزەکە بە یەکسانی نەخراوەتەڕو، چ لە تێکستەکاندا چ لەو وێنانەی لەگەڵ تێکستەکاندا خراونەتەڕو، ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ئەوەی لە کاتی دانانی پرۆگرامی خوێندندا ڕەچاوی یەکسانی جێندەری (دەق و وێنە، ناو ئەرک و ڕۆڵی)دا بکرێت.

**کلیلە وشەکان:** جێندەر، یەکسانی جێندەری، جێندەر و مامۆستا، جێندەرو پرۆگرام.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper8**

**Article Info:**
**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(1).Paper8
**Received:** 16-June-2022
**Accepted:** 24-July-2022
**Published:** 29-March-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
agreen.hadi@epu.edu.iq
azad.mahmood@epu.edu.iq
Nareman.kareem@su.edu.krd
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

**ناونیشانی توێژینەوەکە:** ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (جێندەر لە پرۆگرامی خوێندنی کوردیدا) کتێبی قۆناغی سێیەمی بنەڕەتی وەک نمونە).

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی (وەسفیی شیکاری) بەکاربراوە، دەق و گوتارەکان هاوشان لەگەڵ وێنەکان شیدەکراونەتەوە، دواتر لە ڕێگەی داتا، بابەتەکە خراوەتەڕو.

**سنوری توێژینەوەکە:** کتێبی خوێندنی کوردی قۆناغی سێییەمی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستاندا (کرمانجی ناوەڕاست) تا ئەو جێگایەی دەق و گوتار و وێنەی تێدایە، شیکراونەتەوە.

**کێشەی توێژینەوەکە:** گوتاری پرۆگرامی قوتابخانە دیزاینکراون، بۆ ئەوەی لەلایەن قوتابییانەوە بخوێندرێن، قوتابییەکان لەکاتی خوێندنەوە و بینینی (دەق و ناو، ئەرک ورۆڵ، وێنەکان) بەشێوەیەکی ئاشکرا ڕوبەڕوی گوتاری جێندەری دەبنەوە، ڕەنگە کاریگەری لە بەشداریکردن لە شێوەپێدانی بیرۆکەکانیان سەبارەت بە جێندەر بکات، ئەم دەق و وێنانە کاریگەرییان لەسەر دەرونی قوتابییان هەیە. ئەگەر سەیری دەقەکانی خوێندنی کوردی پۆلی سێیەم هاوشان لەگەڵ ئەرک و ڕۆڵ و وێنەکان و بەکارهێنانی ناوی هەردو ڕەگەزەکە بکەین، ڕوبەڕوی نایەکسانییەکی زۆری جێندەری دەبینەوە، توێژەران هەوڵدەدەن لە ڕێگەی ئەم توێژینەوە و کێشەی نایەکسانی جێندەری لە پرۆگرامی خوێندنی کوردی قۆناغی سێیەمی بنەڕەتی بخەینەڕو، لە کاتی دانانی پرۆگرامی خوێندن ڕەچاوی یەکسانی جێندەری بکرێت.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** کتێبەکانی قوتابخانە ڕەنگدانەوەی پراکتیزە کۆمەڵایەتییەکانن، دەپرسین بزانین چۆن پرۆگرامی خوێندن مامەڵە لەگەڵ مەسەلەی جێندەردا دەکات؟ هەڵبژاردنی (زمان و وێنە) لە کتێبەکانی خوێندندا لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە دیاری دەکرێن، هەروەها چۆن پرۆگرامی خوێندن ڕۆڵی کۆمەڵایەتی لە نێوان کچ و کوردا دەچەسپێنێت؟ لەلایەکی دیکەوە کتێبەکانی خوێندن بە دەقەکان وەسفدەکرێن، کە بەشێکن لە گوتارێکی

فراوانتر، هەوڵدەدەین ئەو جیاوازییە جێندەریانە لەروی (گوتار، وێنە، ناو، ڕۆڵ و ئەرکی هەردو ڕەگەزەکە) لە چوارچێوەی کتێبەکەدا هەیە شیبکەینەوە، دواتر بەپێی داتا بیخەینەڕو.

**ســودی توێژینەوەکە:** یارمەتیدانی ئەو مامۆســتا بەڕێزانەی لە وەزارەتی پەروەردە، لە بەڕێوەبەرایەتی گشــتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکاندا، کە بەشـــــداری لە دانانی پرۆگرامی خوێندندا دەکەن، تاوەکو لە کاتی دانانی پرۆگرامەکان لەلایەنی (دەق، وێنە، ڕۆڵ و ئەرک، ناو، چالاکییەکانی ناو پرۆگرام) ڕەچاوی لایەنی یەکســـانی جێندەری بکەن .

### ١-١:جێندەر:

وشەیەکی ئینگلیزییە و بنەچەیەکی لاتینی هەیە بەمانای (سێکس) لەڕوی نێربون و مێبونەوە، چەمکی جێندەر لەڕوی مێژوییەوە بۆ یەکەمجار لەلایەن "ئان ئۆکلی"یەوە لە ساڵی ١٩٧٢ لە فۆرمێکی زانستیدا بەکارهاتوە و هێنراوەتە ناو لێکۆڵینەوەی زانستییەوە، یەکەم کەس بو کە جیاوازی لەنێوان هەردو زاراوەی ( sex – Gender)دا کردوە و دەڵێت: زاراوەی "سێکس" بە مانای ئەو جیاوازییە بایەلۆژییانە دێت، لە ئەزەلەوە هەردو ڕەگەزی نێر و مێ بەبێ ویست و ڕۆڵبینینی خۆیان لەگەڵیان لەدایک دەبێت، بەبێ ئەوەی لە توانایاندا بێت گۆڕانکاری لە کۆی دابەشکارییەکانیان و پێکهاتە تایبەتییە جیاکەرەوە جەستەیییەکانیاندا بکەن. "ئۆکلی" دەڵێت: زاراوەی "جێندەر لە روی ماناوە تەواو جیاوازە لە زاراوەی "سێکس" چونکە لە دیدگەی ئەوەوە زاراوەی جێندەر بە مانای ڕۆڵ و ڕایەڵی نێوان نێر و مێ دێت، لەسەر ستراکچەری کۆمەڵایەتی، سیاسی، کەلتوری و ئایینییەوە بنیاتدەنرێ؛ واتە زەمینەی لەبارە بۆ دەستکاریکردن، دابەشکاری، دیاریکردن و پێسپاردنی ئەرکەکان لە نێوان نێر و مێدا لەسەر بنەمای "جۆری کۆمەڵایەتی"، لەبەرئەوەی جۆری کۆمەڵایەتی، پرۆسەیەکە لە ڕێگەی "فێربونی کۆمەڵایەتییەوە پەرەی پێدەدرێ.(Elizabeth , 2008)

جێندەر ئاماژەیە بۆ سـەرجەم ئەو جیاوازییە کۆمەڵایەتی و سـیاسـیی و کولتورییانەی کە لەنێوان ژن و پیاودا هەن کە بنەماکەیان کولتور دروســـــتیکردون نەک ڕەگەز، واتە ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەی کە ژنێک دەیگێڕێت و ئەو ڕۆڵ و پێگە کۆمەڵایەتییەی پیاوێک هەیەتی دروســـــتکراوی کولتورو دابونەریتە و هیچ پەیوەندییەکی بە نێربونو مێبونەوە نییە، ئەشـــێ و ئەکرێت لە کولتورێکی دیکە و لە جێگایەکی دیکە ژنەکان ڕۆڵی پیاو بگێڕن و پیاوەکان ڕۆڵ و پێگەی ژنیان هەبێت، هەروەک چۆن ئەنســـرۆپۆلۆجیســـتی ئەمریکی مارگرێت مید گرنگی و بایەخێکی زۆری بەبواری کەســـیەتی و کولتور دابو، لەگرنگترین ئەو ئەنجامانەی لەتوێژینەوەکانی بەدەســـتی هێنابو ئەوەبو شــێوازەکانی کەســیەتی مرۆڤ لەڕێگەی هۆکارە کولتورییەکانەوە دیاریدەکرێت، نەک لەڕێگەی بایلۆجیاوە .

کەواتە زاراوەی ســـێکس و جێندەر هەندێک جار وەک هاواتا بە شـــێوەیەکی گۆڕاو بەکارهێنراوە. بەڵام تیۆرەکانی زمان و جێندەر جیاوازییان لە نێوان سێکس و جێندەر وەک بنیاتێکی بایۆلۆژی و کولتوری کردوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper8

لە لایەکیترەوە زاراوەیەکی تریشمان هەیە ئەویش زاراوەی سێکسیزم: ئەو زمانانە ڕەگەزێک بەسەر ڕەگەزێکی تر زاڵ دەکات.

ســـێکس ئاماژەیە بۆ جیاوازی بایۆلۆژی نێوان ژن و پیاو، جیاوازییەکی ســـروشـــتییە، لە کاتێکدا جێندەر زاراوەیەکە بۆ وەســـفکردنی پۆلی کۆمەڵایەتی بەکاردێت، ســـێکس لەڕوی بایۆلۆژییەوە بنیاتدەنرێت، جێندەر لەڕوی کولتورییەوە بنیاتدەنرێت. ئەمە هەمیشـــە بە تەواوی ڕون نییە، چونکە لە نێوان نێر و مێدا پۆلی تایبەتی کولتوری زیادە هەن، کە مرۆڤەکان پێناســـە دەکەن، ســـێکس نابێتە جیاوازی جێندەری، بەڵکو جیاوازییەکی سروشتییە، بەڵام جێندەر بەرهەمی بیری کۆمەڵگەیە، (Dlveen and Salam, 2020, 81).

## ١-٢:تیۆرەکانی پەرەسەندنی جێندەر:

(Moony: 1990) چوار گروپی سەرەکی لە تیۆرەکان دەستنیشانکردوە، گەشەی ڕۆڵی (سێکس یان جێندەر) بە شـــێوازی جیاواز ڕوندەکەنەوە، کە ئەمانەن: (فێربونی کۆمەڵایەتی، پەرەســـەندنی مەعریفی، پرۆســـەکردنی زانیاری و تیۆرەکانی ناســـینەوەن). بەپێی تیۆری فێربونی کۆمەڵایەتی، ڕەفتار و هەڵوێســـتەکان لە ڕێگەی وروژاندن و وەڵامدانەوە لە دەوروبەریان پەرە پێدەدرێن. (Anderson,Taylor, 2006, p 77)

بیردۆزی گەشەی مەعریفی شێوازی گەشەسەندنی باوی لە چۆنیەتی دروستکردنی کلێشەی ڕەگەزی منداڵان هەیە. لە ڕوانگەی (Gulko, Powlishta) کلێشـــە و نەرمی و ئارەزوە کەســـییەکانی جێندەری هەموی لەگەڵ تەمەندا زیاد دەبێت.(Gulko.ect,1993, P 93).

بەڵام (Frawly) تیۆری هێلکـاری جێنـدەر لایەنەکـانی (تیۆری فێربونی کۆمەڵایەتی و گەشـــەی مەعریفی) تێکەڵدەکات. ئەو ئەمەی بەکارهێنا، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە لەوە بکات و بزانێت هەڵوێســتی قوتابییان چۆنە کاتێک داوا لە قوتابییان دەکرێت هەســـتی خۆیان بەرانبەر ئەو وێنانە دەربدەبڕن کە لە پرۆگرامی خوێندندا هاوشـــان لەگەڵ تێکستەکاندا دانراینە .(Frawly, 2008, p3).

## ١-٣:جێندەر و زمان:

توێژینەوەیەکی زۆر لەســـەر زمان و جێندەر و پەروەردە کراوە، هەر یەکە لەو توێژینەوانە بە دۆکیومێنتکردنی جیاوازییەکان و نایەکسانیەکان لە هەڵسوکەوتی زمانی کچ و کوڕاندا بەستراونەتەوە، کچان و کوڕان شێوازی قسەکردنی جیاوازیان هەیە، هەڵبژاردنی جیاوازی خوێندنەوە بە شێوازی جیاواز و بابەتی جیاوازیان نوسیوە، بەڵام شـــێوازی قســـەکردنی کوڕان ڕێگەیان پێدەدات بەســـەر چالاکی ناو پۆلدا زاڵ بن، کچان دەرفەتی سنورداریان هەبو، بۆ ئەوەی بەشداری چالاکییەکان بکەن، بەپێی ئەو توێژینەوانەی کراون، کارەکتەرە نێرەکان لە چیرۆکەکاندا چالاکتربون و کەمتر ڕۆڵی کاراکتەری مێینەیان تێدا هەبو؛ زۆرجار کتێبەکان زانیاری ئەزمون و بەشداری ژنان و کچانیان لە کۆمەڵگە فەرامۆشکردوە.(Swann, 2003. P 624)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper8

سپۆلسکی لە کتێبی (زمانەوانی کۆمەڵایەتی)دا دەربارەی پەیوەندی نێوان زمان و جێندەر دەڵێت:

جیاوازی کۆمەڵایەتی لە زمان ڕەنگدەداتەوە، بۆیە نابێت سەرسام بین بۆ دۆزینەوەی ڕەنگدانەوەی جیاوازی جێندەری لە زماندا، چونکە زۆربەی کۆمەڵگەکان لە نێوان ژن و پیاودا بە شێوەی دیاریکراو جیاکاری دەکەن. (Spolsky,2003)

تێبینی جیاوازی نێوان چۆنیەتی قسەکردنی ژن و پیاو بۆ تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکان زۆر سنوردار بو، وەک جیاوازی مۆرفۆلۆجی لە نێوان ڕەگەزی مێ و نێر لە زۆر زماندا.

وشەی جێندەر بەگشتی بۆ ئەم جیاوازییە ڕێزمانییە سنوردار کرابو، ئەوە ئیتنیۆلۆجیستەکان بون سەرەتا سەرنجیان خستەسەر جیاوازی زمانەوانیی نێر و مێ، زۆرجار لەگەڵ جیاوازی دیار لە وشەناسیدا.

سپۆلسکی (٢٠٠٣) دەڵێت: (لیڤی ئیستروسی) زانای مرۆڤناسی تێبینیکرد، چۆن باوکێکی ئەمازۆنی بە کچە گەنجەکەی پێدەکەنی بۆ بەکارهێنانی وشەی پیاوەتی بۆ ڕاوکردن. ئیتنیۆلۆجیستەکانی تر هەندێک جیاوازی بەرچاویان لە زمانی ژن و پیاودا پێشکەشکردوە،

منداڵەکان بەزویی کلێشەی کۆمەڵایەتی هەڵدەگرن. ئەوان فێردەبن، قسەکردنی ژنان پەیوەندی بە چالاکیی ماڵەوە هەیە، لە کاتێکدا پیاوان پەیوەندیان بە جیهانی دەرەوە و چالاکیە ئابورییەکانەوە هەیە، ئەم پێشینانە زۆرجار لە شوێنی خۆیان دەمێننەوە لە بەرانبەر بەڵگەی پێچەوانەدا. بەم شێوەیە لە کاتێکدا پێشەکییەکی جەماوەری هەیە، ژنان زیاتر لە پیاوان قسە دەکەن.

هەندێک بەڵگە بۆ جیاوازییەکان لە پرۆسەی دەماریی و فیسیۆلۆجیی لایەنەکانی زمان لە نێوان نێر و مێدا هەیە. لە کۆمەڵە لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییەدا بەکارهێنانی وێنەی ڕەنگدانەوەی موگناتیسی کرداریی، پرۆسەکردنی فۆنۆلۆجی لە نێرینەکاندا نیشاندرا، کە لە نیوەی چەپی مێشک مێینەکان هەردو بەشی چەپ و ڕاستی مێشک بەکاردەهێنن. هیچ جیاوازییەک لە کارامەیی نیشاننەدرا، هیچ بەڵگەیەک تا ئێستا نییە، کە هیچ جیاوازییەکی دەمارناسی بۆ جیاوازی نێوان زمانی نێر و مێ نیشانبدەن. بۆیە هۆکارەکان کۆمەڵایەتین نەک بایۆلۆجی.

لە هەمو توێژینەوەکاندا دەرکەوتوە کە هەرچەندە جیاوازییەکانی نێوان هەلی پەروەردەیی بۆ کوڕان و کچان گەورەتر بێت، جیاوازییەکانی نێوان وتاری نێر و مێ زیاتر دەبێت. (Spolsky,2003, p 37-28).

## ١-٤:جێندەر و پەروەردە:

پێویستییەکی بەپەلە بۆ تێکەڵکردنی تێڕوانینی جێندەر لە پەروەردەدا هەیە، بەتایبەتی لە قوتابخانەدا، قوتابخانە وەک گرنگترین ناوەندی پێکهێنانی کەسایەتی ژن و پیاودا، لەڕوانگەی جێندەرەوە ببێتە پڕکردنەوەی بۆشایی سەرەتایی بۆ پەروەردە، لەم ڕێگەیەشەوە بتوانێت هەر جۆرە نایەکسانییەکی کۆمەڵایەتی ڕاستبکاتەوە، لەم



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper8

ســـیناریۆیەدا ئەرکی پەروەردەییە بۆ گواســـتنەوەی مەعریفە لە کلێشـــەی جێندەر؛ بۆ فێرکردنی فێرکارییەکی ناجێندەری، بەدەستهێنانی گەشەی تاکەکەسی، وەک: کەسانی ئازاد.

پەروەردە لە ڕوانگەی جێندەرەوە پێکدێت: لە پێکهێنانی کەســـایەتی نوێی تاکێکی جیاوازدا، تاکی پەروەردەکراو لەســـەر بنەمای یەکســـانی نێوان جێندەرەکان، کە ســـیســـتەمێکی پەروەردەیی دابینیدەکات، لەگەڵ دادپەروەری، بەبێ جیاوازی، یان دورخستنەوە. ئەنجامدانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی ڕەگەزەوە، شـــیکردنەوەیەکی بابەتییانە لەســـەر پەیوەندییەکان و ئاڵوگۆڕە ڕەمزییەکانیان و فۆرمەکانی زمان و هتد، لە نێوان ڕەگەزەکاندا، هەموارکردنەوەی وێنەی خودی و گۆڕانێک لە گۆڕانی هەســـت و شـــێوازی بیرکردنەوە و شێوازی ژیان، پێویستە پرسیاربکرێت لە کوێ جیاوازی ڕەگەزیی دێت؟ چۆن دەتوانین کێشەکان شیبکرێنەوە و تێبگەین؟ کەواتە کەلتوری جێندەر دەبێتە بونیادێکی کۆمەڵایەتی ڕەمزی، کە گوتار ڕۆڵی ســـەرەکی دەبینێت بۆ بەرهەمهێنان و دروستکردن و هەموارکردنەوەی ئەو مانایانەی کە بەشـێکن لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، وەک قوتابخانە و خێزان. لە کارلێککردنەکانی قوتابخانەدا، دەتوانرێت چەند کردارێک یان ڕوداوێک بدۆزرێتەوە، کە پێویســـتی بە وێناکردن هەیە، و ڕۆتینی ڕۆژانە یارمەتی دەرخســـتنیاندەدات، بۆ ئەوەی بتوانێت کلتورێک لە ڕوانگەی ڕەگەزەوە دروستبکات. بۆیە گرنگە هەردو مامۆستای نێر و مێ ئاڵتەرناتیڤی جیاوازی ڕەگەزی لەگەڵ قوتابییەکان بەرهەمبهێنن و ئەم جیاوازیانە هۆکار و شی بکرێنەوە.

### ١-٥:جێندەر و مامۆستا:

وەک کەســایەتی دەســەڵات و ســەرکردە لە پۆلدا، مامۆســتایان ڕۆڵێکی گرنگیان لەلایەنی کۆمەڵایەتیی منداڵاندا هەیە، مامۆســـتاکان لەوانەیە بەئاگایی یان نائاگایی- لە ڕێگەی میکانیزمی جۆراوجۆرەوە کلیلی ڕەگەزی بۆ منداڵان بگوازنەوە. لە ســـەرەتای قۆناغی پێش قوتابخانە بۆ قوتابخانەی ناوەندی، مامۆســـتاکان لەوانەیە بە شێوەیەکی جیاواز مامەڵە لەگەڵ کچان و کوڕاندا بکەن: بە بەهێزکردنی هەندێک هەڵسوکەوتی جیاواز لەلایەنی ڕەگەزەوە، بە قسەکردن و وەڵامدانەوەی جیاواز بۆ کچان و کوڕان، یان بە مۆدێلکردنی هەڵسوکەوتی ڕەگەزی خۆیان، بۆ نمونە مامۆستاکان زیاتر کارلێک لەگەڵ کوڕەکان دەکەن. تەنانەت لە تەمەنێکی لاویشدا کوڕان زیاتر لە کچان لە مامۆســـتاوە ســـەرنجیان پێدەگات، هەردوک بەهۆی زیادبونی کارلێکەری نەرێنی وەک ڕەخنە یان دیســـپلین و زیادبونی کارلێکشـــنی ئەرێنی وەک ســـتایشـــکردن. جگە لە چارەســـەری جیاکاری، هەندێک لە مامۆستایان بیروباوەڕی لایەنگیریان سەبارەت بە ئەدای قوتابخانەی کچ و کوڕان هەیە، کە دیسان لە ئاستی نمرەدا دەپەڕێتەوە. (Beaman, 2006, p 339).

تێگەیشتن و ئاگاداربون لە شێوازی ڕەگەزی لە پۆلدا زۆر گرنگە، چونکە مامۆستایان ڕۆڵیان هەیە لە پێکهێنانی پێگەی ئەکادیمی و پیشـەیی داهاتوی قوتابییان، مامۆسـتایان و ڕۆشـنبیران دەتوانن کار بۆ کەمکردنەوەی ئەو لایەنگیریانەی لە فێرکردندا ببینن و گۆڕینی بەرەو فێرکردنی دژە لایەنگیری، لەوانەیە بە ڕەنگدانەوەیەک لەسەر



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper8

شێوازی کلێشەی خۆیی مامۆستایان دەستپێبکات و ڕەچاوکردنی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵان لەسەر بنەمای ئەم پێشبینیانە. مامۆستاکان لەوانەیە ڕەچاوی ئەوە بکەن کە کێ دەستنیشاندەکەن؟ بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە، چ جۆرە پرسیارێک لە کچان بەرانبەر بە کوڕان دەکەن؟ ئایا زمانی جیاکاری و تەکنیکی دیسپلینی لەگەڵ کچان و کوڕاندا بەکاردەهێنرێت؟ ستراتیجەکان بۆ بەرزکردنەوەی فێرکردنی دژە لایەنگیری بریتی دەبێت: لە بەرەنگاربونەوەی کلێشەی جێندەری بە دروستکردنی پێشبینی دەربارەی بەشداری یەکسان و توانای یەکسان لە کچان و کوڕاندا، بەکارهێنانی زمانی بێلایەنی جێندەر(Kollmayer,2018, p 361) .

بە پێدانی پێگەی بێوێنەیان وەک دەسەڵاتێک لەناو پۆلدا، مامۆستایان دەبێت بەشێوەیەکی چالاکانە ڕوبەڕوی لێدوانە ناجێندەرییەکان ببنەوە، ئەم ستراتیژانە دەتوانن نایەکسانی جێندەری لە پۆل کەمبکەنەوە و منداڵەکان بەرەو ڕاگرتنی بیروباوەڕی جێندەری یەکسانخوازتر ببات، مامۆستا بەشێکی زۆر گرنگە لە پەروەردەکردنی زوی منداڵەکەدا و بیرۆکە و بیروباوەڕیان دەتوانێت شێوازی فکری قوتابییە گەنجەکان بگۆڕێت، هەمو کردارێک، هەڵوێستەکان، ڕەفتارەکان، ڕوانگەکان، ڕێبازەکان، شێوازەکان، تێڕوانین و مێشکی مامۆستایەک یارمەتیدەر دەبێت بۆ شێوەپێدانی کەسایەتی منداڵ لە ڕوی ڕۆڵی جێندەرییەوە، ئەو مامۆستایە ژینگەی فێربون دروستدەکات بە بەکارهێنانی چەند ستراتیژ و دەستێوەردانێک ئەمەش بۆ مسۆگەرکردنی یەکسانی جێندەرییە.

پرۆگرامی هەستیاری جێندەری و کتێبەکانی خوێندن ناتوانن هیچ کارێک لە پۆلدا بکەن، ئەگەر پەروەردەی یەکسانی جێندەری نەبێت. ئەوان دەبێت خۆیان گۆڕانکارییەکان بکەن یان ناوەڕۆکی فێرکردنی هەستیاری جێندەری ڕەسەن دروستبکەن. بۆیە چەند خاڵێک هەیە، پێویستە مامۆستایان و دانەرانی پرۆگرامی خوێندن ڕەچاویانبکەن، ئەوانیش بریتین لەمانە:

- دڵنیابە لەوەی یەکسانی جێندەری بە یەکسانی لە بابەتەکانی پرۆگرامی خوێندن پیشان دەدرێن.
- دڵنیابە لەوەی ئەو بابەت و وێنانەی لە کەرەستەی پۆلدا بەکارهاتون، پەیوەندی بە ئەزمونی ژیانی هەردو ڕەگەزەوە هەیە.
- دڵنیابە لەوەی کە بڕێکی هاوسەنگ لە بابەتەکانی خوێندن لەلایەن نوسەرانی نێر و مێ نوسراون.
- کوڕ و کچ وەک نمونەی شارەزا یان سەرکردە لە پرۆگرامی خوێندندا لەخۆبگرێت.
- پیشاندانی هاوکاری و یارمەتی نێوان هەردو ڕەگەزە لە بوارەکانی ژیاندا.

## ١-٦:جێندەر و پرۆگرام:

پرۆگرام بە شێوەیەکی گشتی ئاماژەیە بۆ ئەو زانیاری و لێهاتوییانەی کە چاوەڕوان دەکرێت، قوتابییان فێری ببن، ئامانجەکانی فێربون لەخۆدەگرێت، ئەو یەکە و وانانەی مامۆستایان دەیڵێنەوە؛ ئەو ئەرک و پرۆژانەی بە قوتابییان دەدرێن، ئەو کتێب و کەرەستانەی لە کۆرسێکدا بەکاردەهێنرێن، بۆ نمونە پرۆگرامی تاکەکەسی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper8

مامۆستا دەبێتە ستاندارده تايبەتەكانی فێربون، وانەكان، ئەركەكان و كەرەستەكان بۆ ڕێكخستن و فێركردنی كۆرسێكی دیاریكراو بەكاردەهێنرێن.

پرۆگرامی خوێندن باشترین ئامرازە بۆ گواستنەوەی كلتور و بەها و بیروباوەڕەكانی كۆمەڵگە بۆ فێركار، پرۆگرامی خوێندن لە ڕێگەی كتێبەكانی خوێندن و كەرەستەی فێربون لە ژینگەی قوتابخانەوە جێبەجێدەكرێت، كە بە پرۆگرامی شاراوە ناسراوە، چونكە هەمو كۆمەڵگەیەک سیستەمی ڕەگەزیی و كلێشەی ڕەگەزیی خۆی هەیە، مەبەستم وێنەی زاڵی ئەو شتەیە، كە ژن و پیاو چۆنە؟ بە هەمان شێوە لە پرۆگرامی خوێندندا ڕەنگیداوەتەوە، و وێنا یدەكات. كاتێک مندالان دەچنە ناو ژینگەی قوتابخانە، وێنەی نێر و مێ لە كتێبەكاندا كێشراون، چەمكی خۆیان سەبارەت بە ڕەگەز و وێنەی خۆیان، ڕەفتارەكانیان، ئاواتەكانیان ڕەنگرێژ دەكەن، (ئەگەر هەر گۆڕانێک لە كلێشەی جێندەری داڕێژراو بێت، هەوڵی جدی پێویستە، بۆ شیكردنەوەی یەكەم: پرۆگرامی فێربون، دوەم، بۆ پێشكەشكردنی ئەو وێنە داواكراوانە. هەرچۆنێک بێت، وێنە جێندەرە، لە پرۆگرامی خوێندندا نابێت بە تەواوی لەگەڵ سیستەمی باوەڕ جیاواز بن. ئەگەر وابێت، قوتابییەكان دەخاتە ململانێ و مەترسییەوە). (Elwood, 2016, p247).

چالاكی فێربون بەشێكن لە پرۆگرامە فەرمییەكانی دەوڵەت یان پرۆگرامی خوێندن، جێندەر لە پرۆگرامی خوێندندا زۆر بەربڵاوە. لە قوتابخانە سەرەتاییەكاندا زۆرجار داوا لە مندالان دەكرێت كە قسە لەسەر خێزانەكانیان بكەن و چیرۆک بنوسن و وێنە بكێشن و وانەكان بە ژیانی ماڵی خۆیانەوە ببەستنەوە كاتێک قسە لەسەر خێزان و ژیانی ماڵ دەكرێت، بابەتی دایک و باوكان و مندالان لەو ماڵانەدا دەژین، كە ڕێكخستنی خێزانی جیاوازن لە خێزانێكی تر، كێشەی جیاوازی جێندەری و خێزان لە زۆربەی قوتابخانەكاندا هەیە، سەرەڕای ئەوەش مندالان فێردەكرێن كە لە ڕێگەی كایەی داهێنەرانەوە و چالاكییە ئەزمونگەرەكانی تر لە قوتابخانەی سەرەتاییدا سود و ئەزمونی جۆراوجۆر بدۆزنەوە. زۆربەی ئەم كایە و چالاكییەكان كۆدی جێندەریان هەیە، وەک: جلوبەرگ، وێنەی لۆرییەكان، كەلوپەلەكانی نادین و تەنانەت ناوەرۆكی ئەو پەرتوكانەی بە "بەرژەوەندی كوڕان" و "بەرژەوەندی كچان" پۆلێنكراون. مندالان زۆر بە زەحمەت هەوڵدەدەن بۆ فێربونی تێگەیشتن لە هاوپۆلەكان، و یاساكانی ڕەگەز هەندێک لە بەهێزترین جۆرەكانن كە مندالان تێدەكۆشن بۆ تێگەیشتن. بۆ ئەم هۆكارانەیە كە پێویستە مامۆستایانی سەرەتایی ئاگاداری كێشەكانی پەیوەست بە جیاوازی جێندەری و سێكسی بن لە پۆلەكانیاندا.

لەقوتابخانەكاندا پرۆگرامی خوێندنی زمان پڕە لەڕۆمان و شانۆگەری و شیعری خۆشەویستی، كە دەبێت زانیاری لەبارەی جیاوازی جێندەری لەخۆبگرین، بۆ ئەوەی بتوانن بە بیر و ڕەخنەیی لەو وانە و تێكستانە بكۆڵینەوە، و بە كوێرانە كلێشەی كۆن و زانیاری هەڵە بەرهەم نەهێنن. (Meyer, 2010, p8).

قوتابییەكان زۆربەی كات وەک مۆدێلی ڕۆڵ لە كتێبەكانی خوێندندا سەیری كەسایەتییە هاوڕەگەزەكان دەكەن. لەبەر ئەوە قوتابییە كچەكان لەوانەیە كلێشەی پیشەیان هەبێت، چونكە كتێبەكانی خوێندن بەردەوام پێشنیازی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper8

ئەوە دەکەن، کە بیرکاریزانان، زانایان، وە پیشەکانی تری توێژینەوەی زانستی یان پیشەکان پیشەی پیاون، فەرامۆشکردن و شێواندنی وێنەی مێینە لە کتێبەکانی خوێندندا دەبێتە هۆی نەبونی وێنەی مێینە و ڕۆڵی مێینە لە بوارە سنوردارەکاندا فەرامۆشدەکات. ژمارەی وێنەی مێینە لە کتێبەکانی خوێندندا کەمە. وێنە دیاریکراوەکانی کارەکتەری مێینە و سیفەتی کارەکتەر لە کتێبەکانی خوێندندا بە حەتمی کچان بەرەو پشتگوێخستنی نائاگایی وێنە و تایبەتمەندییەکانی ئەم کارەکتەرانە دەبات. ئەمە وا دەکات دۆزینەوەی وێنەی مێینە قورستر بێت بۆ هەڵدانەوەی دەنگ و کەمکردنەوەی بیرکردنەوەی کچان لەسەر وێنەی ڕەگەزیان. لەلایەکی ترەوە نەبونی ڕۆڵی ئافرەتی لە کتێبی خوێندندا ڕێگە لە قوتابییانی کچ دەگرێت، لەو مۆدێلە دروستانەی ڕۆڵی ئافرەتی دەبێت ببینن، بەپێی توێژینەوەکە توێژەری گەیشتوتە ئەوەی ئەو ڕاستییەی کە ژنان پشتگوێ دەخرێن، لە کتێبەکانی خوێندندا وا لە قوتابیان دەکەن، ئەو ئەزمونە نێرینەی لە کتێبەکانی خوێندندا پێشکەشکراوە، ڕاست بێت تەنها پیاوان دەتوانن بەشداری چالاکی و بنیاتنانی کۆمەڵگە بکەن، بەم شێوەیە کاریگەری لەسەر دامەزراندنی متمانەی ڕەگەزیی قوتابییانی کچ هەیە، بۆیە ئەو کتێبانەی توانای ڕاستەقینەی ژنان لاواز دەکەن، لە دۆخی ڕاستەقینەی ژنان کەمدەکەنەوە، و ناکۆکن لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی و خێزانی کە گرنگی بە یەکسانی جێندەری دەدات، ئەمەش گونجاو نییە بۆ دانانی چەمکێکی ڕەگەزیی دروستی کچان و ڕێگرتن لە دامەزراندنی ڕۆڵی جێندەری باش، وێنەی نێرینەی زۆر و مۆدێلی ڕۆڵی زۆر لە کتێبەکانی خوێندندا بۆ تێگەیشتنی قوتابییە نێرەکان بۆ ناسنامەی جێندەری، دامەزراندنی متمانە بەخۆبون و ئاواتەخوازی و هاندانی دەستکەوت و هەڵبژاردنی ڕۆڵی پیشە، هەرچۆنێک بێت ژمارەی وێنەی نێر و مۆدێلی ڕۆڵی نێر لە کتێبەکانی خوێندندا زۆر لە مێینەکان زیاترە، ئەمەش دەبێتە هۆی لایەنگیری ڕەگەزی لە کتێبەکانی خوێندندا، قوتابییە کوڕەکان دەکاتە قوربانی شاراوەی لایەنگیری جێندەری، لە لایەکەوە بە شێوەیەکی شاراوە کار دەکاتە سەر پەرۆشی کوڕان بۆ بەشداریکردن لە پێشکەوتنی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و توێژینەوەی پەروەردە و زانستە مرۆڤایەتییەکان و ژیانی خێزاندا لە داهاتودا، لە کتێبی خوێندنی کوردی پۆلی سێیەمی بنەڕەتی پیاوان لە دەرەوە کار دەکەن، لە کاتێکدا ئافرەتەکان زۆربەی کاتەکانیان بە چاودێریماڵەوە بەسەر دەبەن. ئەمە وا لە کوڕەکان دەکات کە وا بیر بکەنەوە کە کاری ماڵەوە کاری پیاوان نییە. لەلایەکی ترەوە، چەندین چیرۆکی کەسایەتی پیاو لە کتێبەکانی خوێندندا وێنەیان کێشراوە، دەتوانن یارمەتی قوتابیەکان بۆ شوێنکەوتنی نمونەی ناوداران جیاوازی نێوان تاکەکان بدەن، ژینگە و کاتەکان زۆرجار لە لایەن قوتابیانەوە پشتگوێ دەخات. ئەمە لەوانەیە کوڕەکان توندڕەو بکات، ناتوانن بە دروستی لە خۆیان تێبگەن، ئەمەش دەبێتە هۆی کەلێنێکی دەرونی، هەندێک کێشەی دەرونی بەرهەمبهێنێت.

## ١-٧:یەکسانی جێندەری و پرۆگرامی خوێندن:

بۆ سەرکەوتنی پەروەردەی قوتابییان، پێویستە قوتابخانە جەخت لەسەر پەروەردەی جێندەری بکاتەوە، ژینگەی قوتابخانە نەک هەر ژێرخانی جەستەیی دەگرێتەوە، بەڵکو هەڵوێستی مامۆستا و کەرەستەکانی پۆل


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper8

دەگرێتەوە (کتێبی خوێندن، وێنە، کەرەستەی خوێندنەوە، سپاردە نوسراوەکان، یان تەنانەت کەرەستەکانی تاقیکردنەوەش) کە دەتوانن پشتگیری مامەڵەی یەکسانی بکەن، قوتابخانەکان دامەزراوەیەکی گرنگن لە کۆمەڵگە، نوێنەرایەتی و جیاکاری لە کتێبەکانی قوتابخانە گرنگە، چونکە کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنی ژیانی مندالآن و هاندان هەیە.

ڕێگایەک بۆ چارەسەرکردنی ئەم بۆشاییە، ئەوەیە ژمارەی نوسەرانی ئافرەتی کتێبەکانی قوتابخانە زیادبکرێت، لێکۆڵینەوەکان دەریدەخەن کە لەو حاڵەتانەدا کتێبەکانی خوێندن لەلایەن نوسەرانی ژنەوە نوسراون، نوێنەرایەتی و دنیابینی مێینەیی بەرزتری هەبوە، دەبێت نوسەرانی (نێر یان مێ) بەرانبەر لایەنگریی ڕەگەزیی هەستیاربن و ڕاهێنانیان پێبکرێت، بۆ ئەوەی زیاتر هەستیاری ڕەگەزی بن، لە نوسین و زمان و وێنە و ناوەڕۆکی ئەو کتێبانەی دەتوانن یارمەتیدەر بن لە باشترکردنی پێگەی کچان و ژنان.

نەک تەنها ڕەگەز دەستەواژەیەکی پێشبینیکراوە، زۆرێک لە توێژینەوەکان لە بواری لێکۆلینەوەی پرۆگرامدا دەریدەخەن، زاراوەی 'پرۆگرام ' بە شێوەیەکی جیاواز دانراوە، بە پشتبەستن بە بیردۆزی ئەو زانایانەی لە ناو بوارەکەدا کاردەکەن (Scott, 2001, p 6).

پرۆگرامی خوێندن لە بنچینەدا دەستنیشانکراوێکە لە کلتوری کۆمەڵگە، هەندێک لایەنی دیاریکراوی شێوازی ژیانمان، هەندێک جۆری زانیاری، هەندێک هەڵویست و بەهاکان ئەوەندە گرنگن، کە گواستنەوەیان بۆ نەوەی داهاتو بۆ دەرفەت بەجێنەهێڵرێت. بەم شێوەیە لە چەندین ڕێکبەند و کۆمەڵگەوە، پرۆگرامی خوێندن، بە بەها کۆمەڵایەتی و کولتورییەکان، زانیاری و شارەزایی دادەنرێت، کە بۆ گەنجان پێویستە بزانن بۆ کارکردن و ژیانی داهاتو ئامادەیان بکەن. پرۆگرامی خوێندن شتێکی چەسپاو نییە، بەڵکو "ناسنامەیەکی داینامیکیە (Ridell,1992, p 1)، کە بەردەوام لە ژێر کاریگەری پێگە ئایدیۆلۆژییەکانی سیاسەتمەداران و سیاسەتکاران و گۆڕانکارییەکانی ئابوری و کۆمەڵگەکان و خاڵی وەرچەرخان کە دەست بە کێشمەکێشکردنی تێبینیەکانی دەکات.

لاوتۆن دەڵێت: پرۆگرامی خوێندن 'لە کەلتوری کۆمەڵگە دەستنیشان دەکرێت، ئەوانەی ڕەگەز و کارلێککردنی لەگەڵ پرۆگرام بە کێشە دەزانن، واتە ئەو بابەتەی دانراوە، ڕەچاوی لایەنی کولتوری کۆمەڵگە کردوە و بێلایەن نییە. (Weiner) دەڵێت: پرۆگرامی خوێندن ئەو بابەتەیە کە لە کەلتورەوە دەستنیشانکراوە، گریمانەکانی زانیاری و ڕەگەز و کەلتوی لەناو دامەزراوە پەروەردەییەکان و پۆلەکاندا ڕەنگرێژکراوە و پرۆگرامی خوێندن لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە دانراوە، و بەو شێوەیەش ڕەنگدانەوەی بیرۆکە زاڵەکانە، ئەم بیرۆکەیە لە ڕێگەی پراکتیکەوە پێشکەشدەکرێن. توێژەران لە پێناسەکردن و دروستکردنی پەیوەندییە ڕەگەزییەکاندا هەوڵدەدەن، کە چۆن پرۆگرامی خوێندن ڕەنگدانەوەی یان باشترکردنی هەڵسوکەوت و تێگەیشتنی گونجاوی ڕەگەزی سەبارەت بە کوڕان و سەبارەت بە کچان هەبێت. (Weiner,1994 ,p4).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper8

## ١-٨:چۆنیەتی ناساندنی لایەنگری جێندەری لە کتێبەکانی خوێندندا:

لایەنگری جێندەر لە کتێبەکانی خوێندندا دەتوانرێت لە دەق و وێنە و نمونە و وتە و هتد بناسـرێت. کە ئەو هەسـتە دروسـتدەکات، هەندێک چالاکی تەنیا بۆ پیاوان مەبەسـتن و کاری مانەوە لە ماڵەوە و ئەنجامدانی چالاکی ماڵ بۆ ژنانە مەبەست، ئەگەر لە کتێبی خوێندندا چەند وێنەیەکی پیاوان و ئافرەتانی تێدابێت، ئەوا زۆر گرنگە بزانرێت ژن و پیاو چۆن وێنا دەکرێن.

ئەگەر مامۆسـتایان هەڵوێسـتی ئەرێنییان بەرانبەر یەکسـانی جێندەری هەبێت، ئەوا دەتوانن نیشـانەکانی نوێنەرایەتی نایەکسـانی جێندەر لە کتێبەکانی خوێندن و کەرەسـتەکانی تردا دەسـتنیشـانبکەن، کە یارمەتی مامۆستایان دەدات:

١ .ئایا ئەو بابەتانەی لەلایەن مامۆستایان قوتابییانەوە بەکاردەهێنرێت، لە کڵێشەی جێندەرییەوە دورن؟

٢ .ئایا بابەتەکانی پرۆگرامی خوێندن ڕۆڵی مێ و نێرینەکان بە ڕێژەیەکی یەکسان پیشان دەدرێت؟

٣ .ئایا لە بابەتەکانی پرۆگرامی خوێندن (مێینە و نێرینەکان)، بەڕێز و توانای یەکسانەوە پیشان دەدرێت (کاتێک باسی کار دەکەن، یان داهاتو، بۆ نمونە)

٤ -ئایا پرۆگرامی خوێندن ڕەنگدانەوەی پێویستی و ئەزمونی ژیانی هەردو ڕەگەزی نێر و مێیە؟

٥- ئایا پرۆگرام ئاشـتی و یەکسـانی بۆ نێر و مێ بەرز دەکاتەوە، بێگوێدانە ڕەگەز و چین و کەمئەندامی و ئایین و پەسەندی سێکسی یان باکگراوندی ڕەگەزی؟

## ٢-١: دانەرانی پرۆگرامی خوێندنی کوردی

دانانی هەر بابەتێک کۆمەڵێک ئامانجی لەخۆگرتوە، هەر بابەتێکیش ڕەنگدانەوەی بیر و هزری ئەو نوسـەرەیە کە بابەتەکە دەنوسـێت، بۆ ئەوەی لە پرۆگرامی خوێندن دابنرێت، بۆیە پێویسـتە دانەرانی پرۆگرامی خوێندن هاوسەنگی جێندەری لەخۆبگرێت، ئەگەر سەیری بابەتەکانی کتێبی خوێندنی کوردی قۆناغی سێیەمی بنەڕەتی بکەین، ڕۆڵی ڕەگەزی مێ لە پەرتوکەکەدا نابینرێت، بە واتایەکیتر بابەتەکان زیاتر پەیوەستن بە نوسەری نێر !!


## ٢-٢: ناوی ڕەگەزی (نێر و مێ)

ناوی نێر و مێ کاریگەری لەسـەر لایەنی دەرونی قوتابییان دەکات، هاوسـەنگی لە دانانی ناوی نێر و مێ وا دەکات هەردو ڕەگەزەکە خۆی لەناو ئەو کەسـایەتییانە ببینێتەوە، کە لە پرۆگرامی خوێندنی زمانی کوردی قۆناغی سـێیەمی بنەڕەتی جیاوازییەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە، واتا ناوی ڕەگەزی نێر لە ڕەگەزی مێ زیاتر دەبینرێت، ئەم خشـتەیەی خوارەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ناوی ڕەگەزی نێر لە ٧٢%، لە کاتێکدا ناوی ڕەگەزی مێ ٢٧%.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper8

| ناوی کچ و کوڕ لە پەرتوکی خوێندنەوەی کوردی قۆناغی سێیەم. | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | Frequency | Percent | Valid Percent | Cumulative Percent |
| Valid | ناوی کچ | 6 | 22.2 | 27.3 | 27.3 |
| | ناوی کوڕ | 16 | 59.3 | 72.7 | 100.0 |
| | Total | 22 | 81.5 | 100.0 | |
| Missing | System | 5 | 18.5 | | |
| Total | | 27 | 100.0 | | |

ناوی کچ و کوڕ لە پەرتوکی خوێندنەوەی کوردی قۆناغی سێیەم.




## ٢-٢: وێنەی ڕەگەزی (نێر و مێ) لە دەقەکانی خوێندنی کوردیدا :

لە سیستەمی پەروەردەدا، کتێبەکانی خوێندن بە تایبەتی (وێنەکان) سەرچاوەیەکی گرنگن بۆ گواستنەوەی زانیاری دادەنرێت، بەڵام دانەرانی پرۆگرام گوێ بە گرنگی و کاریگەری وێنەکان نادەن، ئەو کتێبانە تەنیا جەخت لەسەر ناوەڕۆک دەکەنەوە، کتێبەکانی خوێندن پێویستە لەگەڵ پێداویستی فێرخوازان بگونجێن، لەسەر بنچینە میتۆدۆلۆجی گونجاو دابڕێژرێت، پێویستە ڕەچاوی بنەماکانی دەروونناسی و زمانەوانی تەکنیکە پەسەندکراوەکانی فێرکردن بکەن. هەندێکجار وێنە لە کتێبەکانی خوێندندا ڕۆڵی ڕازاوەیی هەیە، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەوانەی کە پرۆگرام دادەنێن لە کاتی دانانی وێنەکانی کتێبەکانی خوێندن بیر لە فەلسەفەی پەروەردەیی و پێویستییە دەروونییەکانی قوتابی ناکەنەوە.


وێنە کاریگەری لەسەر هزر و بیری قوتابییان دەکات، وێنەکان ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆکی دەقەکانە، بۆیە دەبێت بە هەستیاری مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتە بکرێت، پێویستە هاوسەنگی لە دانانی وێنەکاندا هەبێت، بۆ یەکسانی جێندەری، لە وێنەکاندا هەردو ڕەگەزەکە بە هاوبەشی وێنابکرێن، تاوەکو یەکسانی جێندەری و هەستی


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper8

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

بەرپرسیارەتی لە نێوان هەردو ڕەگەزەکەدا هەبێت، ئەگەر سەیری وێنە دانراوەکانی پرۆگرامی خوێندن بکەین، نایەکســـانی لە نێوان هەردو ڕەگەزەکەدا دەبینریت، بەپێی ئەو داتایانەی لە خوارەوە ئاماژەیان بۆ دەکەین، وێنەی ڕەگەزی نێر لە ڕەگەزی مێ زیاترە، هەرچەندە چەند وێنەیەکی هاوبەشـــی نێوان هەردو ڕەگەزەکە بەرچاودەکەوێت، بە بۆچونی توێژەر تاوەکو وێنەی هاوبەشـــی نێوان هەردو ڕەگەزەکە لە پرۆگرامی خوێندن زیاتر بێت، هەستی بەرپرسیارەتی و یەکسانی ڕەگەزی دەستەبەر دەبێت، کەواتە بەپێی ئەنجامی ئەم ئامارەی لای خوارەوە، وێنەی ڕەگەزی نێر لە ٦٣%، وێنەی ڕەگەزی مێ ٣%، وێنەی هاوبەشـــی نێوان ڕەگەزی (نێر و مێ) ٣٣% .

| وێنەی کور و کچ لە کتێبی خوێندنەوەی کوردی قۆناغی سێیەم | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | Frequency | Percent | Valid Percent | Cumulative Percent |
| Valid | وێنەی کوڕ | 17 | 63.0 | 63.0 | 63.0 |
| | وێنەی هاوبەشی کوڕ و کچ لە کتێبی خوێندنی کوردی قۆناغی سێیەم | 9 | 33.3 | 33.3 | 96.3 |
| | وێنەی کچ | 1 | 3.7 | 3.7 | 100.0 |
| | Total | 27 | 100.0 | 100.0 | |




## ٣-٢: ڕۆڵ و ئەرکی ڕەگەزی (نێر و مێ) لە دەقەکانی پرۆگرامی خوێندندا

دانانی پرۆگرامی خوێندن خۆی لە چەند بەهایەکی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی دەبینێتەوە، پێویســـتە هەردو ڕەگەزەکە بە هاوبەشـــی لە دەقەکانی خوێندنی کوردیدا، ڕەچاوی یەکســـانی جێندەری بکرێت، هەردو



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper8

ڕەگەزەکە ڕۆڵی سـەرەکی ببینن، بە واتایەکیتر قوتابی خۆی لە ناو دەقەکەدا ببینێتەوە، ئەو دەقانەی لە قۆناغی سـێیەمی بنەڕەتی هەن، ئەمانەن: لەسـەرەتای سـاڵەوە، ڕەوشـتی باش، چۆلەکە و ڕێوی، ددانەکانمان، قوتابیم، ئەنجامی درۆ، زانایەکی نەمر، سـەیرانەک ل کوردسـتانێ، کۆتر و مێروله، کوردسـتان، زسـتانی کوردسـتان، شێوازی ئاخاوتن، شێر و مشک، پەشیمانی، ژینی لادێ، دراوسێی باش، بەلبەلێکی داماو، مین، میرێکی ناودار، هەرەوەز، دەستپاکی، کولێرە، دو مێشولە، ئەنجامی لەخۆبایی بون، کوردستانمان شیرینە، پەز). ئەگەر سەیری ناو و نیشـانی هەر بابەتێک بکەی، ڕۆڵی کور لە ڕۆڵی کچ زیاترە!! ڕاسـتە هەریەکە لەم بابەتانە پەیوەسـتن بە هەردو ڕەگەزەکەوە، هەندێک لە تێکسـتەکان لەڕوی وێنە و ڕۆڵەوە یەکسـانی جێندەری تێدا دەبینرێت، بەڵام زۆربەی تێکسـت و وێنەکان ڕەچاوی یەکسـانی جێندەری و یەکسـانی پێگەی هەردو ڕەگەزەکە ناکەن، بەڵکو ڕەگەزی نێر ڕۆڵی زیاتری بینیوە، بۆ نمونە لە لاپەرە (٦) بابەتێک بەناوی (ڕەوشـتی باش) باس لە کوڕێک دەکات، کە سـیروانە و خوشـکێکی بچوکی هەیە، ناوی(ڤیان)ە، کە چەند پرسـیارێک لە خوشـکەکەی دەکات، بە کارهێنانی وشـەی (خوشـکی بجوک) پایە و پێگەیەکی کەمتر بە ڕەگەزی مێیەکە دەدات، لە کاتێکدا هەمو پرسیارەکان لەلایەن براکەی کراوە، تەنها ڕۆڵی وەڵامدانەوە بە (ڤیان) دراوە، دەکرا (ڤیان)یش کۆمەڵێک پرسیار لە سیروانی برای بکات .



ڕەوشتی باش

سیروان خوشکێکی بچووکی هەبوو ناوی (ڤیان) بوو.
ڕۆژێك سیروان لە خوشکە بچووکەکەی خۆی پرسی:
ڤیان! کە دەچیت بۆ قوتابخانە، بە کوێدا دەڕۆیت؟
ڤیان گوتی:
بەسەر قەراغی ڕێگادا دەڕۆم
سیروان: ڤیان! ئەگەر ویستت لەم بەری ڕێگاکەوە بپەڕیتەوە ئەوبەری ڕێگاکە چی دەکەیت؟
ڤیان: ئەگەر بمەوێت لە ڕێگا بپەڕمەوە، بەلای ڕاستو چەپدا دەنۆڕم. ئەگەر دیتم ئۆتۆمبێلێك دێت، لەلایەکی ڕێگاکە ڕادەوەستم تا ڕادەبورێت، ئینجا دەپەڕمەوە.

٦

لە لاپەرەی (١٣) بابەتێک بە ناوی (ددانەکانمان) بونی هەیە، لەگەڵ تێکستەکە وێنەی کوڕێک دانراوە، کە ڕەگەزی بەرانبەری تێدا نییە!! توێژەر کاتێک سـەردانی قوتابخانەیەکی کرد، داوام لە قوتابییان کرد، سـەیری وێنەکە بکەن و هەسـتی خۆیان بەرانبەر ئەو وێنەیە دەربڕن و ناوێک بۆ وێنەکە دابنێن، قوتابییان لە ئەنجامدا تەنها ناوی کوڕێک یان برایەکیان دەهێنا، یان دەیان وت: براکەم ددانی ناشـوات، کچەکان دەیان وت: ئێمە ددانەکانمان دەشۆین، توێژەر: کێ ناوی کچێک لەو وێنەیە دەنێت؟ قوتابی مامۆستا ئەوە کوڕە کچ نییە، کەواتە لێرەدا ئەوەی ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت و بەرپرسیارەتی لەئەستۆ دەگرێت، ڕەگەزی نێرەکەیە نەک ڕەگەزی مێ.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper8




ددانەکانمان

قوتابییانی خۆشەویست، دروستی ددانەکانمان نیشانەی تەندروستیمانە، بۆیە پێویستە ئاگاداری ددانەکانمان بین، ڕۆژانە بە فلچە و هەویری ددان بیانشۆین. لە دوای هەر نانخواردنێکدا پاکیان بکەینەوە، شیرینی کەم بخۆین. هەروەها وا باشە جاروبار بچینە لای پزیشکی ددان بۆ پشکنین و پاراستنیان لە کلۆربوون و نەخۆشی دیکە.

١٣

بابەتێکیتر کە هۆنراوەیەکە بە ناوی (قوتابیم)، لەگەڵ تێکستەکەدا وێنەی کوڕێک بە جلی کوردی دانراوە دوبارە لەم وێنەیەشـــدا، ڕەگەزی مێی تێدا نییە، هەرچەندە هەردو ڕەگەزەکە لە قوتابخانە هەیە و پێویســـت بو وێنەیەکی هاوبەش دابنرێت.



قوتابیـــــــــم

قوتابیم لە پۆلی ســـێ | ئازاو ژیر، بەڕێو جـــێ
بولبولی گچکەو ساوام | لە باخی ژین بێ پەروام
شەیدای گوڵی زانستم | هەر خوێندنە مەبەستم
شەوو ڕۆژ هەوڵـــدەدەم | بەهۆی کتێب پێبگـــەم
تا بگەمە خۆشی ژیان | لە چوارچێوەی کوردستان

"عەزیز مەلا ڕەش"

١٨

لە لاپەڕە (٢١) بابەتێک بە ناونیشـانی (ئەنجامی درۆکردن) وێنەی پیاوێکی شـوان دانراوە، کە شـوانەکە ڕۆڵی ســـــەرەکی لەم دەقەدا دەبینێت، لە کاتێکدا ڕەگەزی مێش دەتوانێت ئەم ئەرکە لە ئەســـتۆبگرێت، کەواتە لێرەدا پێگەی پیاو لە پێگەی ئافرەت گەورەترە.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper8

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی راپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036



## ئەنجامی درۆکردن

رۆڵەکانم، درۆکردن رەوشتێکی ناشیرینە، ئەنجامی زۆر خراپە با ئەم چیرۆکەتان لەسەر خراپی درۆکردن بۆ ڤەگێڕم:
جارێکیان، شوانێك مەڕەکانی دەلەوەڕاند، لە پڕ هاواری کرد:
– هۆ خەڵکینە بگەنە هانام، گورگ مەڕەکانی منی خوارد!!
خەڵك بۆ ڕزگارکردنی مەڕەکانی خێرا رایان کرد، بەڵام شوان لە قاقای پێکەنینی داو گوتی:
بە خوا وا نەبوو درۆم کرد.

٢١

بابەتێکیتر بەناوی زانایەکی نەمر لە لاپەڕە (٢٦) باسی زانای پۆلەندی (نیکۆلاس کۆپەر نیکۆس) دەکات، تێکســـتەکە باســـی کوڕێکی زیرەک دەکات بە ناوی (کارزان)، کە قوتابییەکی زیرەک بوە، پرســـیار دەربارەی ســـوڕانەوەی زەوی بە دەوری خۆیی و خۆر دەکات، پێویســـت بو ئەو کەســـەی پرســـیاردەکات، یان هەردو ڕەگەزەکە بەشـــداری پرســـیارکردنەکانیان بکردبا، یان پێویســـتبو ناوی زانایەکی ئافرەت یان کەســـایەتییەکی دیاری ژن لە کۆمەڵگەی کوردیدا دابنرایە.



## زانایەکی نەمر

کارزان منداڵێکی زیرەک بوو، دەمێک بوو بیری لە چۆنیەتی پەیدابوونی شەو و رۆژ دەکردەوە، بۆیە لە مامۆستای پرسی:
مامۆستا پێمان نالێی شەوو رۆژ چۆن پەیدا دەبن؟
مامۆستا ئافەرینی لەم پرسیارە کردو ئەوجا گوتی:
قوتابییانی خۆشەویست:
سەدان ساڵ لەمەوبەر زانایان وایان دەزانی کە خۆر لە ئاسمان دەسوڕێتەوەو بەو سووڕانەوەیە شەوو رۆژ پەیدا دەبن.

٢٦

لە لاپەڕە (٣٢) بابەتی (ســـەیرانک ل کوردســـتانێ) دو کوڕ ناوی (هۆگر و ئەلەند)ە، ڕۆڵی ســـەرەکی لەتێکســـتەکەدا دەگێڕن، هەرچەندە لەو وێنەیەی کە لەگەڵ ئەم تێکســـتە دانراوە، هەردو ڕەگەزەکە تێدایە، بەڵام ناوی ڕەگەزی مێ لە تێکستەکەدا نییە، و هیچ ڕۆڵ و ئەرکێک بە ڕەگەزی بەرانبەر نەدراوە.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper8



سەیرانەك كوردستانێ

هۆگر دگەل خێزانا خۆ دچوونە هاڤینگەها بێخال، بڕێڤە و دپەنجەرا ئۆتۆمبێلێڕا هۆگری بەرێ خۆ دا سروشتێ كوردستانێ، چیاو گرو دۆلو نهالان. دلێ وی بڤان دیمەنێن جوان گەلەك خۆش بوو، پشتی گەهیشتینە وێدەرێ دناڤ ئاڤێدا هۆگری یاری دكرن، ئەلند نیاسیو بوونە هەڤالێن ئێكو دانوستاندن كرن.


هۆگر: ئەلند لە كوێ هاتووی؟

ئەلند: ئەز ژ دهۆكێ هاتیمە.

هۆگر: دەچیتە قوتابخانە؟

٣٢

لە لاپەڕە (٤٩) بابەتێک بە ناوی (شێوازی ئاخاوتن) باسی باوکێک دەکات، ئامۆژگاری کوڕەکەی دەکات، هاوشـــان لەگەڵ تێکســـتەکەدا وێنەی کوڕ و باوکێک دانراوە، هەندێک ئامۆژگاری کوڕەکەی دەکات، بەڵام لەم تێکســتەشــدا ڕەگەزی نێر ڕۆڵی ســـەرەکی دەگێڕێت. دەکرا لە تێکســـتەکەدا باســـی دایک و باوکێکی بکردبا، ئامۆژگاری کوڕ و کچەکەیان بکردبایە.



شێوازی ئاخاوتن

باوکێک ئامۆژگاری کوڕەکەی دەکرد، دەیگوت:

ڕۆڵەی خۆم ئەگەر لە کۆڕێک دانیشتیت کەم بڵێ و زۆر ببیستە، ئەگەر ویستت قسە بکەیت، قسە بە کەس مەبڕە، چاوەڕوانی ئەوەبە تا نۆرەی تۆ دێت و خەڵکەکە هەموو گوێت لێدەگرن.

جا کە قسەت کرد، درێژەی پێ مەدە، چونکە ئەوەی زۆر بڵێت، زۆر هەڵەش دەکات، با قسەکانیش ڕوون و ڕەوان بن، ڕاوێژت خۆش و گفتت شیرین بێت، بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵکەکە ڕابکێشیت و کاریان لێبکەیت.


ڕۆڵەی خۆم ئەگەر یەکێک قسەی بۆ کردیت، چاک گوێی لێبگرە، بە شتی دیکە خۆت خەریک مەکە، چونکە چاک گوێ لێگرتن بەڵگەی پەروەردەی باش و ڕەوشتی پێگەیشتووە.

٤٩

لە لاپەڕە (٧٣) هۆنراوەیەکی (محەممەد دارياس) بە نـاوی (مین) دانراوە، هەرچەنـدە ئەم زانیـارییە بۆ هەردو ڕەگەزەکەیە، بەڵام هاوشان لەگەڵ تێکستەکەدا وێنەی کوڕێک دانراو.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper8

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی راپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036


مین


ئای کە مین ڕەزا قورسە
ڕقی لە من و لە تۆیە
بۆ ئێمە وەک تەڵەیە
بە هەڤاڵانت بێژە
با نەچن بۆ ئەو جێیە
نەک بتەقێ و بتکوژێ
هەزار نەفرەتی لێبێ

زۆر بەسام و بە ترسە
دوژمنی هەموو مرۆیە
دەسکاریکەی هەڵەیە
هەر شوێنێ کە مین ڕێژە
کە مینی بەدخوی لێیە
خوێنی پاکت بڕێژێ
جا لەهەر شوێن و جێبێ

(محمد دارياس)

٧٢

له لاپەڕە (٧٦) بابەتێک بەناونیشـــانی (میرێکی ناودار)، باســـی بنەماڵەی بەدرخانییەکان (جەلادەت بەدرخان) دەکات، ئێمە لە مێژودا چەندین ئافرەتی ناوداریشـــمان هەبو، بەڵام کتێبەکەدا باســـی هیچ کەســـێکی ناوداری ئافرەت ناکات!


میرێکی ناودار

بنەماڵەی بەدرخانییەکان میللەتپەروەر رۆشنبیرو نیشتمانپەروەر بوون، میری زاناو داناو مێرخاسیان لێ هەڵکەوتووە، یەک لەو میران جەلادەت بەدرخان بوو، کە لە ساڵی (١٨٩٣)ی زایینی لە شاری ئەستەنبول هاتۆتە دونیاوە.

جەلادەت بەدرخان هەمیشە دڵسۆزی پرسی ڕەوای میللەتەکەی بووە، بەشداری لە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران و ئاگریداغدا کردووە. میرێکی ڕۆشنبیر بووە، گۆڤاری ( هاوار )ی لە شام دەرکردووە، بۆ یەکەم جار پیتی لاتینی بۆ نووسینی کوردی داناوە. لەتەمەنی پەنجاو هەشت ساڵیدا لە ساڵی (١٩٥١)ی زایینی لەنەخۆشخانەی فەڕەنسی لە شام کۆچی دوایی کردووە.

٧٦

له لاپەڕە (٨٠) هۆتراوەیەکی (بێکەس) بە ناوی(هەرەوەز)، ڕەگەزی نێر ڕۆڵی تێدا دەبینێت، بەڵام هیچ هۆنراوەیەک نییە ڕەگەزی بەرانبەر ڕۆڵی تێدا ببینێت.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper8




هەرەوەز

کوڕێ بوو ناوی دارا بوو
وریاو زیرەكو دانابوو
هەرچی کەوتە بەر چاوانی
دەچوووە بنجو بناوانی
ڕۆژێ ئەوە دیقەتی کرد
تەنیا مێرولەیەکی ورد
لە دەنکە گەنمێ ئالاوە
زۆر بەدەستییەوە داماوە
چەندی ئەکرد بۆی نەدەبرا
هێزو قوەتی لێبڕا
ئەجا ماندوو بوو لێیدا ڕۆی
هی تری هێنا لەگەڵ خۆی
چوونە سەری‌و کاتێ زانی
گەنمیان برد بە ئاسانی
دارا لەمە عیبرەتی گرت
پەندێکی باشی لێوەرگرت
وتی هەر کارێ گرانە
بە هەرەوەزی ئاسانە

٨٠

لە لاپەڕە (٨٢) بابەتێک بە ناوی (دەستپاکی) دوبارە لەگەڵ تێکستەکەدا وێنەی پیاوێک دانراوە، لە لاپەڕە (٩٠). بابەتێک بە ناونیشانی (دو مێشولە) بە هەمان شێوە وێنەی پیاوێک دانراوە. لە کۆتاییدا بابەتێکیتر بەناوی (پەز) دوبارە ڕەگەزی نێر ڕۆڵی سـەرەکی تێدا دەبینێت، لەکاتێکدا ئافرەت ڕۆڵی سـەرەکی لە بەخێوکردن و ڕاییکردنی کارەکانی کێڵگەدا دەبینێت، بەڵام ڕۆڵی ئافرەت لێرەدا ونە!! کەواتە بەپێی ئەو داتایانەی لە خوارەوە ئاماژەمان پێداوە، ڕۆڵی ڕەگەزی نێر لە تێکستەکاندا ٦٦%، لە کاتێکدا ڕۆڵی هاوبەشی نێوان هەردو ڕەگەزەکە ٢٨%، ڕۆڵی ڕەگەزی مێ ٤%.



دەستپاکی

ڕۆژێك لە ڕۆژان، کرێکارێکی هەژار دیواری ماڵی پیاوێکی دەوڵەمەندی دەڕووخاند، لەکاتی ئیشکردندا توورەگەیەکی پڕ لە زێڕی دۆزییەوەو هەڵیگرتەوە، تا خاوەن ماڵەکە هاتەوە، دایەوە دەستی‌و گوتی:

(( گەورەم ئەم تورەگەیەم لە کاتی ئیشکردندا دیتەوە )).

پیاوەکە زۆر دڵی پێ خۆشبوو، پێی گوت:

(( لەمێژە ئەم زێڕەم لەژێر ئەم دیوارەدا شاردبۆوەو جێگەکەکەم نەدەدیتەوە، گەلێک بە دوایدا گەڕام، بەڵام ئەم دۆزییەوە، نیشانەی ڕاستی ئاخافتنەکەشم ئەوەیە کە دوو سەد زێڕی تێدایە )).

٨٢




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper8


لەوانە بوو تووشی هەزار ناخۆشی ببم. سەرم بە ماڵێکدا کرد، پەنجەرەکەی تەلبەند کرابوو.
بۆ ماڵێکی دیکە چووم، ئەویش دەرمانیان پێوە کردبوو وەخت بوو بێهۆش ببم.
بۆ ماڵێکی دی چووم، لەناو پەردە کوللەدا نووستبوون.
مێشوولەی یەکەم: دوایی؟
مێشوولەی دووەم: دوایی گەڕام... گەڕام تا ماڵێکی دیکەم دۆزییەوە.
تەماشام کرد سێ چوار کەسی تێدا نوستبوون،
نە تەلبەند کرابوو، نە دەرمانی پێوە کرابوو، نە پەردە کوللە.
٩١

| ڕۆڵی کور و کچ لە دەقەکانی خوێندنی کوردی پۆلی سێیەم | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | Frequency | Percent | Valid Percent | Cumulative Percent |
| Valid | ڕۆڵی کوڕ | 14 | 51.9 | 66.7 | 66.7 |
| | ڕۆڵی هاوبەشی کوڕ و کچ | 6 | 22.2 | 28.6 | 95.2 |
| | ڕۆڵی کچ | 1 | 3.7 | 4.8 | 100.0 |
| | Total | 21 | 77.8 | 100.0 | |
| Missing | System | 6 | 22.2 | | |
| Total | | 27 | 100.0 | | |
| | | | | | |


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper8

رۆلی کور و کچ له دەقەکانی خوێندنی کوردی پۆلی سێیەم




## ئەنجام:

١- یەکسانی جێندەری لە پەرتوکی خوێندنی کوردی پۆلی سێیەمی بنەڕەتی لە بازنەی یەکەم/ بەدیناکرێت.

٢- بابەت و تێڕوانینی نوسەری ڕەگەزی مێ لە بابەتەکانی خوێندنی کوردی بەدیناکرێت.

٣- ناوی ڕەگەزی نێر زیاتر لە ناوی ڕەگەزی مێ بەکارهاتوە، ئەمەش کاریگەری دەرونی لەسەر قوتابییان هەیە.

٤-بەشێوەیەکی یەکسان ڕۆڵ بە هەردو ڕەگەزەکە نەدراوە، ڕەگەزی نێر ڕۆڵی سەرەکی لە بابەتەکانی خوێندنی کوردی دەبینێت، لە کاتێکدا ڕۆڵ بە ڕەگەزی بەرانبەر نەدراوە.

٥- دانانی هەر وێنەیەک گوزارشت لە ناوەڕۆکی بابەتەکە دەکات، ئەو وێنانەی لە پەرتوکی خوێندنی کوردی دانراون، لایەنگیری جێندەری پێوە دیارە، بە تایبەتی ڕەگەزی نێر.

٦-لە هەندێک بابەت وێنەکان، وێنەی هاوبەشی نێوان هەردو ڕەگەزەکەن، بەڵام لە تێکستەکەدا نە ناوی ڕەگەزی مێ و نە ڕۆڵی ڕەگەزی مێ بەدیدناکرێت.

٧-ئەو بابەتانەی لە پەرتوکی خوێندنی کوردی دانراون، باسی ڕۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا ناکات، واتە بەرپرسیارەتی تەنها بە ڕەگەزی نێر دراوە.

٨- کوڕ و کچ وەک نمونەی شارەزایان یان سەرکردەکان لە پرۆگرامی خوێندندا لەخۆناگرێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper8

**Agreen Shawkat Hadi[1] - Azad Ahmad Mahmood[2] - Nareman Abdullah Kareem[3]**
[1+2+3] Kurdish Language Department, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

[1]Law Administration Department, Erbil Technical Administrative Institute, Erbil Polytechnic University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Business Administration Department, Erbil Technical Management College, Erbil Polytechnic University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

Gender-related problems and gender diversity have always existed in schools. Many fields of school life are created around the role of traditional gender
Schools play a key role in teaching and strengthening the dominant values of culture, particularly in gender. It is true that students go to school from day one, or kindergarten, known as their gender, and are called boys and girls. Their gender is constantly practiced through stories and free plays and interactions with teachers and peers. Schools are a place to seek special relationship with "best friends" in elementary school and "boys' friends" or "girls" about families and learn about relationships. These are the things that the community expects, and much of what happens at school is related to the gender side, which is why it is important for educators to have a strong understanding of how to deal with gender.
This research is a way to raise awareness and show gender issues in the subjects of the education program. Research (in southern Kurdistan) is not sufficient to raise awareness of gender equality in schools. In this study, the texts (the third grade Kurdish reading book) are based on analyzing texts and images, and the results show that the Kurdish study program includes gender inequality. In other words, the image, role and duties of both genders are not taken into consideration equally. The results of this study are an attempt to take into account gender equality (text, images, tasks and roles) when the curriculum is set up.

**Keywords:** Gender, Gender Equality, Gender and Teacher, Gender and Program.

**References:**



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper8**

Anderson, M., & Taylor, H. (2006). Sociology: the essentials (4th ed.). Florence, KY: Wadsworth Publishing.

Beaman, R., Wheldall, K., & Kemp, C. (2006). Differential teacher attention to boys and girls in the classroom. Educational Review.

Dlveen Abdullah Sadiq, Salam N. H. Hakeem(2020), Gender Differences in the Speech Events of Kurdistan Parliament, Journal of University of Raparin, Vol.7. No.1, January.

Elizabeth J. Meyer(2008), Gender and Sexual Diversity in Schools, Canada.

Elwood, J. (2016). Gender and the Curriculum. The Sage Handbook of Curriculum, Pedagogy and Assessment In D. Wyse, L. Hayward, & J. Pandya (Eds.),

Frawley, T. J. (2008). Gender Schema and Prejudicial Recall: How Children Misremember, Fabricate, and Distort Gendered Picture Book Information. Journal of Research in Childhood Education, 22(3).

Frawley, T. J. (2008). Gender Schema and Prejudicial Recall: How Children Misremember, Fabricate, and Distort Gendered Picture Book Information. Journal of Research in Childhood Education, 22(3),

Gulko, J., Powlishta, K. K., & Serbin, L. A. (1993). The development of sex typing in middle childhood. Monographs of the Society for Research in Child Development, 58(2), 93-95.

J. Meyer Elizabeth (2010), Gender and Sexual Diversity in Schools, Canada.

Kollmayer, M., Schober, B., & Spiel, C. (2018). Gender stereotypes in education: Development, consequences, and interventions. European Journal of Developmental Psychology, 15, 361–377.

Mooney, M. (1990). Sex and Gender: What Do We Know? Sociological Forum, Vol ٥, No1

Ridell, S. (1992). Gender and the Politics of the Curriculum. London: Routledge

Scott, D. (Ed.) (2001) Curriculum and Assessment. Westport, CT: Ablex.International Perspectives on Curriculum Studies, Volume 1, ABLEX PUBLISHING Westport, Connecticut • London.

Spolsky, Bernard, (2003), Sociolinguistics, oxford university press.

SWANN. JOAN (2003), Schooled Language: Language and Gender in Educational Settings, The Handbook of Language and Gender EDITED BY Janet Holmes and Miriam Meyerhoff, by Blackwell Publishing Ltd.

Weiner, G. (1994). Feminisms in Education –An Introduction. London: Open University Press.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper8**